*له سیانزەهەمین ساڵیادی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ی عێراقدا:*

# بـــژی کۆنگـــــرەی ئـــــازادی عێـــــــراق !

تاهیر حەسەن
tahirhassan1@yahoo.com

سیانزە ساڵ بەر لە ئێستا, ئەم نەزمە خوێناویە نوێیەی ئەمریکا, کە ئەمڕۆ بەوپەڕی داڕزیووی وناکۆکی خۆی لەگەڵ سەرەتاییترین ژیانی ئینسانی ئەمڕۆ گەیشتووە, تازە خەریکبوو لەسەر لاشەی تازە کەوتووی بلۆکی ڕۆژهەڵات, پشتی ڕاست دەکردەوە. ئەو ڕۆژگارە دەستەی ڕاستڕەوی فەرمانڕەوای ئەمریکاو بەرەی سەرکەوتووی جەنگی سارد, بەکۆمەڵگەی ئینسانیان ووت, هیچ ڕێگایەکی تر لەبەردەم کۆمەڵگەی ئینسانیدا نیە, جگە لە قبووڵ کردنی سەرمایەداری بازاڕی ئازاد! هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی تری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ بەڕێوەچوونی کۆمەڵگەی ئینسانی لە ئارادا نیە, جگە لەسەرمایەداری بازاڕی ئازاد و دیموکراسی غەربی نەبێت!. ئەندازیارانی شکڵ دان بە ئەفکارو دەزگاکانی درۆ هەڵبەستنی غەرب بۆ بە ئەزەلی و ئەبەدی نیشاندانی نیزامی سەرمایەداری و وەك تەنیا سیستمێك بە بەڕێوە چوونی کۆمەڵگەی ئینسانی, گەورەترین مووشەکبارانی ڕاگەیاندنیان دەست پێکرد. لەم نێوەدا سەدان ڕێکخراوو ئەحزابی چەپ, هەر لە عێراق و کوردستان و ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە, تا دەگات بە ئەمریکای لاتین و خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا, کەتا ئەوکات هێشتا ناوی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمیان لەسەر خۆیان دانابوو, بە پیر بانگەوازی سەرمایەداری بازاڕی ئازادەوە چوون. سۆسیالیستەکەیان لە خۆیان داتەکاند, بۆ قەرەبووکردنەوەی چەندین ساڵ چەپ بوونیان, هێندە بەلای ڕاستدا وەرچەرخان, لە بۆرژوازی غەرب دڕندانەتر و کۆنەپەرستانەتر هێرشیان بۆسەر کۆمۆنیزم دەست پێکرد. تفیان لە ڕابردوویەك کرد, کەچەندین ساڵ بوو زەحمەتیان پێوە دەکێشاو سەدان ئازیز و خۆشەویستیان لە پێناویدا لە دەستدابوو!. زۆر بە خێرایی کەشوهەوای سیاسی کۆمەڵگاکانیان بە بیروباوەڕی نەتەوەپەرستی و ناسیونالیزم و فاشیزم و ئیسلامیزم پیس کردو پاشەکشەی بەرچاویان بەسەر فەرهەنگی سیاسی کۆمەڵگەدا داسەپاند.

سێڵاوی خێرای نەزمی خوێناوی ئەمریکاو غەرب, تەنیا بە هێرش بۆ سەر بیروباوەڕی ئازادیخوازانەو چەپ و کۆمۆنیزمەوە لە دنیادا نەوەستا, بەڵکو بەکردەوە بەکارهێنانی نوێترین تەکنۆلۆژیای سەربازی هاوشان لەگەڵ مووشەکبارانی ڕاگەیاندندا, بۆ نابووت کردنی کۆمەڵگاکان خرانە گەڕ. خەڵکی عێراق یەکەمین کەسانێك بوون, کە لە جەنگی یەکەمی کەنداودا و لەلایەن گەورەترین هاوپەیمانی سەربازی ئەمریکاوە, خێروبەرەکەتی نەزمی نوێیان پێ بڕاو دواتریش و تا ئاخرین ڕۆژەکانی تەمەنی ڕژێم, لەژێر ئابڵوقەی ئابووری نەزمی نوێی ئەمریکاو غەربدا بوون. لە ئاوها هەلومەرجێکدا کە تەواوی دنیای بۆ نێو گێژاوو قەیرانی فکری و ئایدیۆلۆژی لەلایەك و پەرەگرتنی نەتەوەپەرستی و جەنگی قەومەکان و دیانەتەکان کێش دەکرد, ئێمە کۆمۆنیستە کرێکاریەکانی عێراق, پێمان لە زەوی چەقاندو ڕاوەستاین و نەمانهێشت سێڵاوی نەتەوەپەرستی و ئالوودەبوون بە دیموکراسی غەربی بمانبان, جارێکی ترو لە دوای شکستێك کە 70ساڵ لەوەو پێش لە ڕووسیادا خواردبوومان, پشتمان ڕاستکردەوەو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقمان پێك هێناو ئاڵای کۆمۆنیزمی مارکسمان بەرز کردەوە!!.

ئەمڕۆ سیانزە ساڵ بەسەر پێکهێنانی ئەم حزبەدا تێدەپەڕێ, ئەگەر کەسێك بە هەر دەلیلێك ئاگاداری مێژووی خەبات وتێکۆشانی بێ ووچانی سیانزە ساڵی ڕابردووی ئەم حزبە نەبێت, ئەگەر کەسێك بە هەر هۆیەك ئاگاداری سوونەت شکێنی وتابۆ شکێنی ئەم حزبەو پەردە هەڵماڵین لە ڕووی ناوەڕۆکی دژی ئینسانی دین و خورافەو

نەتەوەپەرستی ئەم حزبە نەبێت, ئەگەر ئاگاداری ڕاوەستانەوەی جەسورانەو چەکدارانە بە ڕووی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزم وقەتڵی ناموسی ژنان و پێکهێنانی پەناگای ئارام بۆیان نەبێت, ئەگەر کەسێك تا ئێستا سەنگەری قایمی ئاوارەکان ودەستەنگانی کۆمەڵگە بە پشتیوانی حزب و شاپوور وقابیلەکەی نەبیستبیٚ. ئەگەر کەسێك تا ئێستا ئاگاداری ڕێگاچارەی ئینسانی ئەم حزبە بۆ دەرکێشانی کوردستان لە وەزعیەتی ئێستا نەبێت, ئەگەر کەسێك تا ئێستا هەڵوێست وکردەوەو پراکتیکی ئەم حزبەی لەسەر جەنگی جیهانی تیرۆریستەکان و جەنگی کۆنەپەرستانەی ئەمریکا لە دژی خەڵکی عێراق لە دەرەوەو ناوەوەی عێراق تەعقیب نەکردبیٚ, ئەگەر کەسێك......... تەنیا ئەوەندە بەسە تەماشای ڕێگاچارەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بۆ نائەمنترین شوێنی دنیا کە عێراقە بکات. ئەوکات ئینسانیەت وشۆڕشگێڕی و ڕاوەستاوی ئێستاو مێژووی سیانزەساڵی ڕابردووی ئەم حزبە دەناسێت.

ئێوە تەماشاکەن, ئەوانەی کە ئێستا لەنێوحکومەتی دەستکردی ئەمریکادا لەسەر کورسی لەقولۆقی دەسەڵات دانیشتوون, جگە لەوەی هەندێکیان تا ئاخرین ڕۆژەکانی تەمەنی ڕژێم مووچەیان لیٚ وەردەگرت, ئەوانەی تریشیان لە ناسیونالیزمی کورد و عەرەب و ئیسلامی سیاسی شیعەو سوونەن, دەیان ساڵ بوو بەدیارئابلۆقەی ئابووری و برسی کردنی خەڵکی عێراق و نەخشەیەکی ئەمریکاوە بۆ وێرانکردنی کۆمەڵگەی عێراق دانیشتبوون, تا بەڵکو کۆمەڵگە وێران ببێت و ئەمان شانسی گەیشتن بە دەسەڵاتیان بۆ هەڵکەوێت. ئەوە بوو سیٚ ساڵ بەر لە ئێستا ملهوڕی سەربازی ئەمریکا لە ڕێگای داسەپاندنی جەنگێکی ماڵوێرانکەری ناڕەوادا, کۆمەڵگەی وێرانکردو ئەوانی گەیاندە دەسەڵات.! تەواوی ئەحزابی ڕاستی بۆرژوایی عێراقی هەموو خەریکن نانی ئەم وێرانکردنەی عێراق دەخۆن, لەو لایشەوە دەیان تەقینەوەی هەموو ڕۆژە, دزینی ئینسانی و پارچە پارچەکردنی, کردنی کەللە سەری بڕاوی ژن بە مین!, کوشتنی ئینسان تەنانەت لەسەر ناوەکانیان!, هەڵگیرساندنی جەنگی قەومی وتایەفەیی سیمای هەموو ڕۆژەی ژیانی چەندین ملیۆن ئینسانە لە عێراقدا.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق, وەك حزبێکی خۆ بە مەسئول زان لەبەرامبەر کێشەکانی ژیانی خەڵکی کۆمەڵگەدا, بە مەبەستی بەکۆمەڵگە کردنەوەی سەرلەنوێی ئەم گۆڕستانەی ئێستا کە پێی دەڵێن عێراق, کۆنگرەی ئازادی عێراقی وەك ڕێگا چارەیەکی ممکین خسۆتە پێش. هەر کەسولایەنێك سەر بەخۆ لەوەی چۆن بیر دەکاتەوە, تەنیا کردنەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکاو کۆتایی بەداگیرکاری عێراق و چەك دامالینی دەستەوتاقمی ئیسلامی و پێکهێنانی حکومەتێکی غەیرە قەومی و غەیرە دینی لە هەڵبژاردنێکی ئازادانەی خەڵکەکەیدا بە وەزیفەی خۆی بزانیٚ و پارێزگاری لێبکات, دەتوانیٚ ببێتە هێزێکی چالاکی نێو کۆنگرەی ئازادی عێراق. ئەم ڕێگا چارەیە لە یەك ساڵی ڕابردوودا لە گەڵ پشتیوانیەکی کەم وێنەی یەکێتیە کرێکاریەکان وحزبە چەپەکانی یابان و زۆرێك لە وولاتانی خوارووی ڕۆژهەلاتی ئاسیا بەرەو ڕوو بووە, سەدان ئۆرگان وڕێخراوەی جۆراوجۆری نا حکومی ئەمریکاو ئەمریکای لاتین بەڕەسمی پشتیوانیان بۆ کۆنگرەی ئازادی عێراق دەربڕییەوەو بڕیار وایە لە کورت ماوەدا کەناڵی ئاسمانی کۆنگرەی ئازادی عێراق لە سەر خەرجی ئەم هێزانە بکەوێتە ڕیٚ. تەنانەت هەندێك لە ئەندامانی کۆنگریسی ئەمریکاش دوای سیٚ ساڵ لە داگیرکاری عێراق وناتەوانی ئەمریکا بەو ئەنجامە گەیشتوون, کە بە هێزی سەربازی ئەمریکا کارێك ناکرێت, بۆیە لە ئەمریکا پێشوازی لە (سەمیرعادل) سەرۆکی کۆنگرەی ئازادی عێراق دەکەن. لە ئاستی ناوخۆشدا کۆنگرەی ئازادی عێراق ڕۆژانە بە پەیوەستبوونی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی کرێکاران و ژنان و مامۆستایانی زانکۆکان کۆڕی خەباتی گەرمتر دەبێت. هاوکات بە دەستبردنی کۆنگرە بۆ دروستکردنی (هێزی ئەمان) بۆبە دەستەوەگرتنی ئەمنیەتی

**گەڕەکەکان وشوێنی ژیانی خەڵك و بەرگرتن بە تیرۆریستانی ئیسلامی بۆ دزەکردن بۆ ئەو ناوچانەی کە هێزی ئەمانی لێیە, خەریکە ئیعتیمادی خەڵك بە خۆی و کۆنگرەی ئازادی عێراق, وەك تەنیا تروسکاییەکی رزگار بوون دەباتە سەرەوە.**

**شك لەوەدا نیە کە سەرکەوتنی کۆنگرەی ئازادی عێراق و هەر ڕێگاچارەیەکی تر, بەستراوە بە کارو پراکتیکی هوشیارانەی ئینسانەکانەوە, بەلاّم بێننە بەرچاوتان ئەگەر ئەم ڕێگاچارەیە, ئەم تروسکاییەی ڕزگار بوون لەم مەینەت ئاوایەی عێراقدا نەبوایە؟!. بێننە پێش چاو ئەگەر لە نێو ئەم هەموو جانەوەرانەدا, کە کەڵبەی دەسەلاّت وێرانکردن و تێکهەڵچوونی شەڕی قەومی و دینی و تایەفەییان لە جەستەی کۆمەڵگەی عێراق گیر کردووە, حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق نەبووایە, کۆنگرەی ئازادی عێراق نەبووایەو بەدیلی حەکیم, موتڵەك بوایە, بەدیلی موقتەدی سدر هەیئەتی عولەمای موسلمین بوایە؟!.**

**بۆیە بە هەق ئەم حزبە عەزیمە, بەهەق شایستەی ئەوەیە ئەندامی بیت, دۆستی بیت, هەڵسوڕاوی بیت. بەم بۆ نەیەوە لە قوولاّیی دڵمەوە پیرۆزبایی لە تەواوی ئەندامان وکادران ودۆستان و کرێکاران و زەحمەتکێشان دەکەم و سەرکەوتنیان لە خەباتدا بە ئاوات بۆ دەخوازم.**

**بـژی حزبی کۆمۆنیستی کریـــێکاریی عێـراق**

**بـــــــــژی کۆنـــــگرەی ئـازادی عێــــراق**

**بــــــــژی   سـەمیر عـادل**

**ســـەرۆکی کۆنـــــگرەی ئـــــازادی عێـــــــراق**

2006/7/21